# دەنگێك بۆ 730 لە میدیای ئەلیكترۆنیدا !

رزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

هەموو جارێك كە ڕووداوی گەورە دێتە پێشەوە ، سایتەكەی ئێمە ( دەنگەكان ) و سایتی تر پڕ دەبێ لە ووتاری هەڵوێست نواندن ، ووتاری هەڵڕشتنی ئەو دارشتنانەی كە لە دوا ئەنجامدا سەنگایەكی بەرچاوی قوڵ ی پۆزەتیف و كاریگەر لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە دروست ناكا ، بە تەعبیرێكی تر دەتوانم بڵێم هێزێكیكۆمەلایەتی گەورە دروست نابێ كەخۆی بە شەریكی هەمان ئەو هەڵوێستانە بزانێ كە ئەو نووسینانە بەیانی دەكا ! ئەمە بۆ وایە ؟

وەلامی ئەو پرسیارە ڕامدەكێشێ بۆ وەلام نا ، بەڵكو بۆ پرسیاری گەورەتر ، پرسیار لە ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیری و هۆشیاریە سیاسیەی ، كە میدیای ئەلیكترۆنی دەیەوێ بینوێنێ لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە گەورانە ، ئێمە ئەوانەی نووسەرن ، ئەوانەی خوێنەری ڕۆژانەی ئەنتەرنێتین ، ئەوانەی بەڕێوەبەری سایتەكانین ، ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە بپرسین ئێمە لەو ڕۆژەی وجودمان پەیوەندیەكی دروست كردووە لەگەڵ ڕووداوەكانی ناوەوەدا ، مەبەستم كوردستان و عێراقە ، چیمان بنیات ناوەو چیمان دروست كردووە ؟

خوێنەرە جیدیەكانمان چەندە هۆشیاری سیاسیان چووەتە سەر ؟ ئەو ووتارانەی دەینووسین ، یان وەكو خوێنەر دەیخوێنینیەوە ، یان وەكو دەستەی بەڕێوەبەری ئەم سایت و ئەو سایت ئیزنی بلاو كردنەوەی پێ دەدەین ، بووە بە ئەلتەرناتیف و ڕێنوێنی و لە كوردستان ؟ بووە بە باسێك ئەوانەی دەستیان بە ئەنتەرنێت دەگا ، بە ئیشتیاقەوە لە دوكانی ئەنتەرنێتەكان كۆپی بكەن و بە سەر دۆست و كەس و كاراكانیان دابەش بكەن بڵێن ئەوەتا قسەی حەق ؟

ئەم پرسیارانەم ئەم قەلەقیانەم ، زادەی ڕەشبینی نیە ، بەرامبەر بە ڕۆلی میدیای ئەلیكترۆنی ، بەڵكو زادەی ڕەخنەیەكە لەو كەلێنە گەورانەی كە میدیای ئەلیكترۆنی لە لاوازیەكانی خۆیدا لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا عەكسی دەكاتەوە ، ڕەخنەیە لە خۆمان وەكو نووسەر كە دارشتنی لاواز دەنووسین و چاوەڕوانمانە خوێنەران بە بینینی وێنەكانمان لە پاڵ ناونیشانی گەورە كراوی سەروووتارەكانمان بە عەبقەری یان بە چاو نەترس قبوڵمان بكات !

ڕەخنەیە لە خۆمان وەكو خوێنەری ڕۆژانەی ئەنتەرنێت ، كە ئێوارانێكی درەنگ كۆمپیوتەرەكانمان دادەگیرسێنین بە دوای لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی نا كە هیلاكمان بكات و لەو تەمەڵیە بێدارمان كاتەوە ، بەڵكو بە دوای نووسینی ئەو نووسەرە دەگەرێین كە وەك خۆمان تەمەڵ و بە نووسینە زۆرە لاوازەكانی وەكو خۆمان بیر بكاتەوە ، ڕەخنەیە لە خۆمان وەكو دەستەی بە ڕێوەبەری سایتە ئەلیكترۆنیەكان كە چاوپۆشیەكی گەورە بەقەدەر بوون بە عادەت ، لە مامەڵەمان لە گەڵ ئەو بەرهەمانەی بۆمان دێ ڕەنگ دەداتەوە ، نموونە زۆرە لە سەر ئەو بۆچوونانەم ، بەلام من لە یەك ووتاری بلاو كراوەی نێو سایتەكەی خۆمەوە دەست پێ دەكەم ، ووتارێك لەبەرامبەر ڕووداوێك و پێشهاتێكی گەورەدا خۆی بەرز كردۆتەوە ، ووتارێك كە پێش ئەوەی ڕەخنەكەم ڕوو لە لە نووسەرەكەی بێ ، ڕەخنەیە لە خۆم وەكو نووسەر كە بۆچی هەتا ئەمرۆكە نووسینێكی بەرچاو یان باشترم لە سەر هەمان ئەو پێشهاتە نەنوسیوەتەوە ؟ ڕەخنەیە لە خۆم وەكو دەستەی بەڕێوەبەر ، كە جاری یەكەم لە بەر هەر دەلیلێك بێ ، بێ ڕۆڵ بوومە لە پێش گرتن بە بلاو كردنەوەی ،لە جاری دووەمیشدا وەكو خوێنەرێكی بە جێماو ئەیخوێنمەوەو ناچارم ڕەخنەی لە سەر بنووسمەوە !

ئەم ووتارەی دەمەوێ لە سەری بدوێم ، ووتارێكی كاك ئەبوبكر ئەحمەد سلێمانە ، كە ئێمە لە سایتی دەنگەكان لە ڕۆژی دیسەمبەری 9 ی 2005 بلاومان كردۆتەوە ، كاك بەكر لە بەرامبەر پێشهاتی هەڵبژاردن ووتارێكی نووسیوە ، ئەو ناوی لە ووتارەكەی ناوە :–

(( **دەنگ ئەدەم بە چارەنووسی وولاتەکەم و لە گەندەڵی و تالاّنچێتی ئیدارەکەشتان خۆش نابم** )) !!–**هێڵی تەئکیدەکان هی منن _**

**کاك بەکر بە کوردی پێمان دەڵێ ئەو بەشداری هەڵبژاردن دەکا ، ئەو دەچێ دەنگ دەدا بەلیستی 730 ، ئەو ئیمتیازێکی عەجیبتر دەدا بە پرۆسەی چوونی بۆ سندووقەکانی هەڵبژاردن ، ئاخر دەنگی کاك بەکر وەکو خەڵکی عەوامی سلێمانی و هەولێر نیە کە چ لە ژێر کاریگەری پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی میدیای دەسەلاّتدار ، چ لە ترسی لە دەست چوونی وەزیفەو نان دەچن بۆ هەڵبژاردن ، نا کاك بەکر یەك دەنك ئەم ترسانەی نیە ، ئەو لە هەندەرانەوە دەچێ دەنگ بە دەسەلاّت دەدا ، کارمەندەکانی ئەو بنکەی هەڵبژاردنەی کاك بەکریش دەنگی خۆی لێ تۆمار دەکا ، لە دوای تەواوبوونی دەوامیاندا دەکەونە جیا کردنەوەی دەنگەکان و بۆ عێراقی دەنێرنەوە ، بە شەمعی سوور لە سەر کارتی دەنگدانەکەی کاك بەکر دەنووسن** (( **تکایە ئەم دەنگە بۆ چارەنووسی وولاّتە** )) !!

**ئەمە ئەو کاریکاتۆرەیە کە یەکێك لە بەرهەمەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لە بەرامبەر رووداوە گرنگەکاندا خۆی بەرز دەکاتەوە ، بەرهەمێك کە نووسەرەکەی لە تەواوی 9 پەرەگرافدا دائاباریێتە سەر دەسەلاّتدار ، بەلاّم پێش وەختیش پێمان دەڵێ هەر دەشچم بۆ هەڵبژاردن ، ناعەقلانیەت گونجاوترین تەعبیرە بۆ ئیشکالاتی ئەم هەڵوێست و هەڵپەرستیە ، گونجاوترین تەعبیریشە بۆئیزنێك کە ئێمە وەکو دەستەی بە رێوەبەر بە چەندین بەرهەمیتری پڕ لە ئیشکالاتی لەم بابەتە داومانە ، ناعەقلانیەتە چونکە کاك بەکر لە کەیسێکی زۆر لاوازتر ، بەبیانووی ڕستەی گەرم و بێ مەنتیق ،لاسایەکی ئاشکرای هەڵپەرستیەکانی و هەڵوێست گۆڕانەکانی " کاوتسکی " دەکاتەوە لە ئەنتەرناسیۆناڵی دووەمدا ، دەنگ دان لەم هەڵبژاردنانە هیچ تاییەتمەندیەك و بۆن و بەرامەیەکی شەخسی نیە ، هەر دەنگ دانێك چ کاك بەکر بیدا چ من بیدەم ، دەبێ بەژمارە بۆ لیستی 730 و بۆ ئەو مێژوو ئارایشتەی کە کوردستان و عێراق تێدا دەخولێنەوە ، دەنگ دانێکە لە ئیمکانیدا نیە چارەنووسێکی تر لە دەرەوەی پلانەکانی یەکێتی و پارتی بخولقێنێ ، هەر کەسێك ئەلتەرناتیڤی یەکێتی وپارتی قبوڵە بێ شك دەنگیان بۆ دەدا ، هەرکەسێکیش لە 9 پەرەگرافدا دائاباریێتە سەریان دەشچێ بۆ دەنگ دان ، ئەوە دەنگ بۆلیستی 730 دەدا ، دەنگ دەدا بە دوو ڕوویی لە هەڵوێستەکانی میدیای ئەلیکترۆنیدا !**